# ڕەوشی ئابووری تورکیا لە سەردەمی ئاکپارتی؛ کاریگەری ژمارەکان لەسەر هەڵبژاردنی 14ی ئایار

11-05-2023

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** لەماوەیەی دوو دەیەی ڕابردوودا و درووستر لە سەردەمی حکومڕانی ئاکپارتی لەڕووی ئابوورییەوە ڕەوشی ئابووری تورکیا دەکرێت بە دوو قۆناخەوە، بەشێوەیەک دەیەی یەکەمی بە سەردەمی زێڕین و زیادبوونی گەشەی بەرهەمی نیوخۆیی، گەشەی ئابووری، کەمبوونەوەی قەرزەکان، زیادبوونی داهاتی تاک دادەنرێت، بەڵام لە دەیەی دووەمدا و بەتایبەتیش لە 2013 و ئەم ساڵانەی دواییدا وردە وردە ڕەوشی ئابووری تورکیا شێوەیەکی دیکەی وەرگرت. بەهای لیرە دابەزی وهەڵئاوسان ڕێژەی نموونەیی تۆمارکرد بەجۆرێك کە لە 20 ساڵی ڕابردوودا وێنەی نەبووە.

# بەرایی

ڕۆژی 14ی ئایار 2023 هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی تورکیا ئەنجامدەدرێت کە سەرکەوتنی هەر یەک لەو دوو ڕکابەرە سەرەکییەکە، کاریگەری گەورە لەسەر ڕەوشی ئابووری تورکیا، بەتایبەتیش لە شەش مانگی یەکەم دادەنێت، چونکە ڕوانگەیان تەواو جیاوازە لەبارەی ڕێژەی سووی بانکی و چۆنیەتی کەمکردنەوەی هەڵئاوسان.

لەماوەیەی دوو دەیەی ڕابردوودا و درووستر لە سەردەمی حکومڕانی ئاکپارتی لەڕووی ئابوورییەوە ڕەوشی ئابووری تورکیا دەکرێت بە دوو قۆناخەوە، بەشێوەیەک دەیەی یەکەمی بە سەردەمی زێڕین و زیادبوونی گەشەی بەرهەمی نیوخۆیی، گەشەی ئابووری، کەمبوونەوەی قەرزەکان، زیادبوونی داهاتی تاک دادەنرێت، بەڵام لە دەیەی دووەمدا و بەتایبەتیش لە 2013 و ئەم ساڵانەی دواییدا وردە وردە ڕەوشی ئابووری تورکیا شێوەیەکی دیکەی وەرگرت. بەهای لیرە دابەزی وهەڵئاوسان ڕێژەی نموونەیی تۆمارکرد بەجۆرێك کە لە 20 ساڵی ڕابردوودا وێنەی نەبووە.

تورکیا 19مین گەورە ئابووری جیهان و ئەندامی جی 20 و OECD یە، لە نێوان 2006 بۆ 2017دا داهاتی ڕۆژانەی تاک (چینی مامناوەند) لە 6.85 دۆلار بەرزبووە بۆ 9.8 دۆلار لە ڕۆژێکدا زیادی کردووە. چاوەڕواندەکرێت ئەمساڵ گەشەی ئابووری 2.7% بێت، ئەویش بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو کە 2.9% بووە، دابەزیووە. هەروەها داهاتی نیوخۆیی بۆ هەر تاکێک بەڕێژەی 46% و بەرهەمهێنان بەرێژەی 30% کەمترە لە وڵاتە باشەکانی نێو OECD.

خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکیش، کە ڕەوشی ئابووری لە تورکیا سەختر کردووە و چاوەڕواندەکرێت کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکان هەبێت، پەیوەستە بە زەویلەرزەکەی شوباتی 2023وە، کە بەپێی بانکی جیهانی ڕووداوەکە کاریگەری لەسەر 11 پارێزگا هەبووە. واتە ڕێژەی 16.4% دانیشتوانی تورکیا بەهۆی زەمین لەرزەکەوە زیانی 34.2 ملیار دۆلار دۆلار بەرکەوتووە، کە بۆ بونیاتنانەوەی پێویستی بە دوو هێندە هەیە.

لەڕاستیدا، ئامارە ئابوورییەکانیش لەبارەی تورکیاوە جیاوازە، تەنانەت لەنێو دامەزراوە گەورەکانی وەک OECD، بانکی جیهانی و سندقی نەختینەی نێودەوڵەتی IMF، ئەمە جگە لەجیاوازیی ئەم داتایانەی لەگەڵ ئامارەکانی دامەزراوەکانی وەک تورکش ستاتیک . بۆ نموونە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکان پێوانی یاخود خوێندنەوەی ڕەوشی ئابووری وڵاتێک گەشەی بەرهەمی نیوخۆیی GDP یە، کە لەمەدا بەپێی بانکی جیهانی تورکیا خاوەنی 906 ملیار دۆلارە، بەپێی IMF تورکیا خاوەنی 1.03 ترلیۆن و بەپێی OECDیش 1.2 ترلیۆن دۆلارە.

لەم ڕاپۆرتەدا بە پشت بەستن بە داتاکانی بانکی جیهانی، IMF و بەتایبەتیش OECD ئەگەر درووست بێت، گەنگەشەی ڕەوشی ئابووری تورکیا لەماوەی دوودەیەی ڕابردوودا لەڕووە جیاوازەکانەوە دەکەین، چونکە یەکێک لە مژارە سەرەکییەکانی ئەم هەڵبژاردنە پرسی ئابووری و ڕەوشی ئابووری تورکیایە، کە چاوەڕواندەکرێت ڕەوشی ئابووری وەک دوو دەیە لەمەوبەر گۆڕانکاری بهێنێتە ئاراوە، چونکە ڕێژەی هەڵئاوسان و دابەزینی بەهای لیرەوە بەشێوەیەکە کە توانای کڕینی خەڵکی بۆ پێداویستییەکانی ڕۆژانە کەمکردوەتەوە، هەندێک لە ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئێستا لە تورکیا لە سێ کەس یەک کەسیان ناتوانن پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان دابین بکەن، چونکە لە 2013 بەهای 1 دۆلار، 2 لیرە بووە، بەڵام ئێستا بەهای 1 دۆلار گەیشتووەتە 20 لیرە!

## نیشاندەرە ئابوورییەکان؛ گەشەی بەرهەمی نیوخۆیی GDP و داهاتی تاک لە تورکیا

گەشەی بەرهەمی نێوخۆیی GDP پێوانەیەکی ستانداردە کە لەڕێگەیەوە بەهای بەرهەمهێنانی کاڵا و پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری لە وڵاتێکدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەژمار دەکات، ئەم پێوەرە گوزارشت لە باشی و خراپی ڕەوشی ئابووری وڵاتەکە دەکات، چونکە بەرزی ڕێژەی گەشەی بەرهەمی نیوخۆیی بەواتای جوڵەی ئابووری، زیادبوونی داهاتی وڵات و تاک دێت. لەماوەی دوودەیەی ڕابردوودا گەشەی ئابووری تورکیا هەڵبەز و دابەزێکی زۆری بەخۆوە بینیوە، بەشێوەیەک لەساڵانی 2004، 2011 و 2021دا سێ ڕێژەی پیوانەیی تۆمارکردووە وەکو لە گرافیکی یەکەمدا هاتووە.

لەڕاستیدا، بەپێی ئامارەکان سەرەڕای خراپی گەشەی ئابووری تورکیا لەساڵانی 2008 و 2009دا، تورکیا یەکێک بووە لەو وڵاتانەی قەیرانی دارایی جیهانی بەشێوەیەکی باشتر لە وڵاتانی دیکەی جیهان بەڕێکرد. چاوەڕواندەکرێت لە ئەمساڵیشدا گەشەی ئابووری تورکیا ڕوو لە دابەزین بێت، بەڵام 2024دا بەرێژەی نزیکەی 1% زیاتر گەشە بکات، هەرچەندە هەموو چاوەکان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکانن.

**گرافیک 1** نیشاندەری ڕێژەی گەشەی ئابووری تورکیا لە 2002-2024




سەرچاوە: داتاکانی OECD و IMF

لەڕووی کۆبوونەوەی گەشەی بەرهەمی نێوخۆیی تورکیا، لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا قەبارەی ئابووری تورکیا دوو هێندە بووە وەکو لە گرافیکی دووەمدا هاتووە، بەشێوەیەک بەپێی داتاکانی IMF وOECD کۆی بەرهەمی نیوخۆیی تورکیا لە 2022دا گەیشتووەتە 1.1 تریلیۆن دۆلار، لەکاتێکدا لە 2002دا تەنیا 416 ملیار دۆلار بووە، ئەم گەشەکردنەی ئابووری لە دوو دەیەی ڕابردوودا ساڵ بە ساڵ جیاواز بووە بەشێوەیەک لە 2017وە کەمترین زیادبوون ڕوویداوە یاخود بەردەوام نەبووە.

گرافیک 2 نیشاندەری کۆی قەبارەی گەشەی بەرهەمی نیوخۆیی تورکیا GDP لە 2002- 2024




سەرچاوە، داتاکانی OECD

تێبینی، 2023 و 2024 پێشبینیکراوی داتا بەپیسی OECD

زیادبوونی گەشەی بەرهەمی نێوخۆیی بەواتای زیادبوونی داهاتی تاک یاخود دەستکەوتنی داهات لە بەرهەمهێنانەوەیە و، بەپێی داتا کۆکراوەکان لە 2002وە تاوەکو 2008 داهاتی تاک لەکۆی گشتی گەشەی بەرهەمی نیوخۆیی ڕوو لە بەرزبووەنەوە بووە تاوەکو گەیشتووەتە سەروو 10 هەزار دۆلار. هەروەها لەدوای ساڵانی قەیرانی دارایی جیهان لەماوەی 2009-2013دا جارێکی دیکە ڕوو لە بەرزبوونەوە بووە وەکو لە گرافیکی سێیەمدا هاتووە، بەڵام لە 2013 بۆ 2020 ڕوو لە دابەزین بووە، گەشەی بەرهەمی نیوخۆیی بۆ هەر تاکێک لە سەروو 12 هەزار دۆلارەوە بۆ 8 هەزار دۆلار دابەزیووە.

بەگشتی بەپێی ئامارە بەردەستەکان گەشەی بەرهەمی نیوخۆیی بۆ هەر تاکێک لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا چوار هێندە زیادیکردووە، واتە لە 2002دا نزیکەی 3 هەزار دۆلار بووە، بەڵام لە 2023 دەگاتە نزیکەی 12 هەزار دۆلار. هەروەها، چاوەڕواندەکرێت لەساڵانی داهاتوودا بگاتە سەروو 13 هەزار دۆلار.

**گرافیک 3 گەشەی بەرهەمی نیوخۆیی بۆ هەر تاکێک لە 2002 بۆ 2024**




سەرچاوە، داتاکانی IMF

تێبینی، 2023 و 2024 پێشبینیکراوی داتا بەپیسی OECD

# نیشاندەرە ئابوورییەکانی دوو دەیەی رابردوو؛ خەرجییەکان و رێژەی قەرزی حکومەت

خەرجییەکانی حکومەتی تورکیا لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا دوو هێندە و، تەنانەت سێ هێندەش بووە، بۆ نموونە لە 2002دا کۆی خەرجییەکان 151 ملیار لیرە بووە، بەڵام لە 2017دا دەگاتە 457 ملیار لیرە. لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا تاوەکو 2020 بەگشتی ئاراستەی خەرجییەکان روو لە بەرزبوونەوە بووە، وەکو لە گرافیکی 4دا هاتووە.

**گرافیک 4** نیشاندەری خەرجییەکانی حکومەتی تورکیا لە 2002 بۆ2024 بە لیرە




**سەرچاوە: داتاکانی بانکی جیهانی و داتابەیسی OECD**

**تێبینی، ساڵانی 2023 و 2024 لەلایەن OECD پێشبینیکراوە**

لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا قەرزەکانی تورکیا بەرێژەی 40% دابەزیووە، واتە لەساڵی 2002دا رێژەی قەرز بۆ کۆی گەشەی بەرهەمی نیوخۆیی تورکیا 71.5% بووە، بەڵام لە 2022دا رێژەکە دابەزیووە بۆ 31.2% وەکو لە گرافیکی 5دا هاتووە.

لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا ئاراستەی کەمکردنەوەی قەرزەکان هەبووە تاوەکو ساڵی 2019، بەڵام لەو ساڵەوە دیسان قەرزەکان رووبان لە بەرزبوونەوە کردووە، بەگشتیش لە چارەکی سێیەمی 2022دا قەرزەکانی تورکیا گەیشتووەتە 442 ملیار دۆلار، لەکاتێکدا لە چارەکی سێیەمی 2019 416 ملیار دۆلار بووە.

گرافیک 5 ڕێژەی قەرزەکانی تورکیا بۆ کۆی گەشەی بەرهەمی نیوخۆیی GDP لە 2002 بۆ 2024




سەرچاوە: OECD و IMF

## نیشانــدەرە ئابوورییەکــانی دوو دەیــەی رابــردوو؛ هــاوردە و هەنــاردەکردنی کاڵـا و خزمەتگوزاری بازرگانی

لەڕووی ڕێزبەندی وڵاتانی هەناردەکار و هاوردەکار، تورکیا 28مین وڵاتی هەناردەکارە لەکۆی وڵاتانی هەناردەکار، لە بەرامبەردا 26مین وڵـاتـانی هەناردەکـاری گـرتـووە. لەمـاوەی دوو دەیـەی رابـردوودا قەبـارەی هـاوردەکردنی کاڵـا و خزمەتـگـوزاری لـە 90 ملیـار دۆلارەوە بەرزبووەتەوە بۆ 265 ملیار دۆلار، بەڵام قەبارەی هەناردەکاری کاڵا و خزمەتگوزاری بۆ دەرەوەی خۆی لە 93 ملیار گەیاندووە 319 ملیار دۆلار، واتە 53 ملیار هەناردەکردنی زیاتربووە لە هاوردەکردن.

لەساڵی 2021دا کاڵا و خزمەتگوزارییەکان کە تورکیا هەناردەی دەرەوەی خۆی کردووە، بەشێوەیەکە کە بە بەهای 10 ملیار ئۆتۆمبیل، 6.8 ملیـار جوانکـاری (زێـر و ئەڵمـاس، زیـو هتـد)، بەرهـەمی نـەوتی پاڵـفەتکراو (refined Petroleum) . هەروەهـا لـەڕووی وڵـاتـانەوە، لەرێزبەنـدی یەکەمـدا ئەڵمانیـا بـە بەهـای 19.8 ملیـار دۆلار، بەدوایـدا ئەمریکـا بـە بەهـای 14.8 ملیـار دۆلار.، هەروەهـا لـەڕووی هاوردەکردنەوە، بەرهەمە نەوتییەکان بە بەهای 10.8 ملیار ڕێزبەندی یەکەمی گرتووە، بەدوایدا ئاسنی سکراپ بە بەهای 10.3 ملیار، هاوردەکردنی ئۆتۆمبیل بە بەهای 6.9 ملیار و گاز بە بەهای 6.8 ملیار دۆلار بووە، ئەو وڵاتانەشی لەرێزبەندییەکەدا بۆ هاوردەکردن لەپێشەوەن، بە پلەی یەکەم چین بە بەهای 31.6 ملیار دۆلار، ئینجا ئەڵمانیا بە بەهای 24.2 ملیار و بەدوایدا ڕووسیا بە بەهای 20.1 ملیار دۆلار.

**خشتەی 1 رنیشاندەری هاوردەکردن و هەناردەکردنی کاڵا و خزمەتگوزاری تورکیا لە 2002-2024**

| ساڵ | بازرگانی کاڵا و خزمەتەگوزاری (هاوردەکردن) / ملیار دۆلار | بازرگانی کاڵا و خزمەتەگوزاری (هەناردەکردن) / ملیار دۆلار | جیاوازی هاوردەکردن - هەناردەکردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان /ملیار دۆلار |
|---|---|---|---|
| 2002 | 90.79 | 93.79 | 3.01 |
| 2003 | 111.89 | 101.02 | -10.87 |
| 2004 | 135.65 | 113.31 | -22.34 |
| 2005 | 152.12 | 122.75 | -29.37 |
| 2006 | 163.13 | 129.75 | -33.38 |
| 2007 | 178.86 | 138.81 | -40.06 |
| 2008 | 173.93 | 144.20 | -29.73 |
| 2009 | 148.43 | 138.98 | -9.44 |
| 2010 | 177.17 | 141.37 | -35.80 |
| 2011 | 203.70 | 159.64 | -44.06 |
| 2012 | 204.96 | 182.78 | -22.18 |
| 2013 | 227.35 | 191.80 | -35.55 |
| 2014 | 228.03 | 205.38 | -22.65 |
| 2015 | 229.54 | 212.03 | -17.51 |
| 2016 | 236.41 | 208.33 | -28.08 |
| 2017 | 261.56 | 234.19 | -27.37 |
| 2018 | 245.39 | 254.83 | 9.44 |
| 2019 | 233.01 | 265.59 | 32.57 |
| 2020 | 248.64 | 227.45 | -21.19 |
| 2021 | 254.57 | 284.07 | 29.51 |
| 2022 | 265.47 | 319.02 | 53.55 |
| 2023 | 278.08 | 332.96 | 54.88 |
| 2024 | 288.13 | 347.07 | 58.95 |

سەرچاوە: OECD

## نیشاندەرە ئابوورییەکانی دوو دەیەی رابردوو؛ کۆکردنەوەی باجی گشتی و باج لە داهاتی تاک

کۆکردنەوەی باج Tax یەک لەسەر پێنجی کۆی گەشەی بەرهەمی نیوخۆیی GDPی تورکیا پێکدەهێنێت، بەپێی داتاکانی OECD لەماوەی دوو دەیـەی رابـردوودا کۆکردنـەوەی بـاج کـەمیکردووە، بەشێـوەیەک لـە 2002دا ڕێژەی 23.8% پێکهێنـاوە، بەڵـام لـە 2022دا ڕێژەکـە دابەزیـووە بـۆ 22.8%، واتـە بەڕێـژەی 1% کـەمیکردووە، ئەمـە لەکاتێکـدا لـە هەمـان مـاوەدا گەشـەی بەرهـەمی نیـوخۆ دوو هێنـدە زیادیکردووە.

لەماوەی ئەم دوو دەیەدا نزمترین ڕێژەی کۆکردنەوەی باج لە 2007دایە کە تەنیا 22.9% بووە، بەڵام لە 2011دا بەرزبووەتەوە بۆ 25.7% وەکو لە گرافیکی 6دا هاتووە.



خاڵێکی دیکەی پەیوەست بە باجەوە، کۆکردنەوەی باج لە داهاتی تاکەکەسی، کە لەماوەی رابردوودا سەرەڕای زیادبوونی داهاتی تاک لە تورکیا، بەڵام کۆکردنەوەی باج کەمیکردووە، بەشێوەیەک لە2002دا رێژەی 4.2% گەشەی بەرهەمی نیوخۆیی GDP لە باجی داهاتی تاکەوە سەرچاوی گرتووە، بەڵام لە 2022دا کەمبووەتەوە بۆ 3.03% وەکو لە گرافیکی 7دا هاتووە.




## نیشاندەرە ئابوورییەکانی دوو دەیەی رابردوو؛ رێژەی هەڵئاوسان و بەهای لیرە بەرامبەر دۆلار

مانەوەی بەرزی رێژەی هەڵئاوسان و دابەزینی بەهای لیرە بەرامبەر دۆلار وایکرد رۆژی 10ی ئایار 2023 سەرۆککۆمار تورکیا تەنیا پێنج رۆژ بەر لە دەنگدان مووچەی دەیان هەزار کەس بەرێژەی 45% بەرزبکاتەوە، کە بڕیارەکەش کاریگەری لەسەر 700 هەزار کارمەندی کەرتی گشتی دەبێت.

ساڵی رابردوو رێژەی هەڵئاوسان گەیشتە 72%، کە ئەمەش بەشێوەیەک لە دوو دەیەی رابردوودا نەبینراوە، لەکاتێکدا بەگوێرەی داتاکانی OECD رێژەی هەڵئاوسان لە ئەمساڵدا دادەبەزێت بۆ 45%، وەکو لە ئامارەکانی مانگی نیسان 2023دا دەردەکەوێت دابەزیووە بۆ 43.6%. بەرزی رێژەی هەڵئاوسان توانای کڕینی لە تورکیا کەمکردووەتەوە، بەشێوەیەک بەپێی راپۆرتێکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی یونیلەمی تورکی لە سێ کەس زیاتر لە دوو کەسیان رووبەڕووی سەختی و قورسی توانای کڕینی خۆراک و دابینکردنی کرێی بوونەتەوە

هەروەها، بەڵێنی دوو رکابەرە سەرەکییەکەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا بۆ دابەزینی هەڵئاوسان پەیڕەوکردنی سیاسەتی چاودێری ئابووری و رێژەی سووی بانکی، بەشێوەیەک کەمال کلچدارئوغلو پێشنیازی بەرزکردنەوەی رێژەی سووی بانکی دەکات، لە بەرامبەردا ئەردۆغان دڵنیایی لە دابەزینی رێژەی هەڵئاوسان و گەڕانەوە بۆ سیاسەتی ئابووریی ئۆرسۆدۆکسی دەدات، کە ئێستا مژارێکی

سەرەکی لە تورکیا.

**گرافیک 8 ڕێژەی هەڵئاوسان لە تورکیا لە 2002 بۆ 2024**




سەرچاوە: داتابەیسی OECD

بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵئاوسان بەتەنیا بەرزی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو بەمانای دابەزینی بەهای دراویش دێت، لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا جیاوازییەکی گەورە لە بەهای لیرە بەرامبەر بە دۆلار هەبووە، بەشێوەیەک لەنیوەی یەکەمدا بەجێگری و یەک ژمارەی ماوەتەوە و یەک دۆلار بە 1.5 بۆ 1.9 لیرە بووە، بەڵام لە 2013وە ئاڕاستەی دابەزینی بەهای لیرە بەرامبەر بە دۆلار بەشێوەیەک بووە ساڵ بە ساڵ زیاتر دابەزیووە، تاوەکو 2022 بەهای یەک دۆلار گەیشتووەتە 16 لیرە و چاوەڕواندەکرێت زیاتریش بێتە خوارەوە و لەساڵانی داهاتوودا یەک دۆلار بگاتە سەروو 18 لیرە وەکو لە گرافیکی 9دا هاتووە.

**گرافیک 9 بەهای یەک دۆلار بەرامبەر بە لیرە لە 2002-2024**




سەرچاوە: داتابەیسی OECD

## نیشاندەرە ئابوورییەکانی دوو دەیەی رابردوو؛ ژمارەی دانیشتوان، ڕێژەی دانیشتوانی گەنج و ڕێژەی تەمەنی کار

لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا ژمارەی دانیشتوانی تورکیا لە 66 ملیۆن کەسەوە بووەتەوە 84 ملیۆن کەس، بەشێوەیەک کەوا بەردەوام ژمارەی لە دایکبوونی منداڵ روو لە دابەزین بووە. خاڵێکی سەرنجڕاکیش لە ئامارەکانی دانیشتوانی تورکیاوە، پەیوەست بەڕێژەی دانیشتوانی گەنج و ڕێژەی دانیشتوانی تەمەنی کار لەکۆی دانیشتوانی تورکیا وەکو لە خشتەی 2دا هاتووە، لە 2002دا کاتێک کۆی دانیشتوان 66 ملیۆن کەس بووە، ڕێژەی 28% واتە نزیکەی لە سێ کەس یەکێکیان گەنج بووە، بەڵام لە 2021دا کە دەگاتە 84 ملیۆن کەس گەنجان تەنیا ڕێژەی 22.6%، واتە لە پێنج کەس لە دانیشتوانی تورکیا یەکێکیان گەنجە.

هەروەها، لەڕووی رەگەزییەوە، هاوسەنگیک لەنیو دانیشتوانی تورکیا هەیە، هەرچەندە ژمارەی رەگەزی نێر زیاترە لە مێ وەکو لە خوارەوە هاتووە. لەڕوویەکی دیکەوە، هێزی کار یاخود ڕێژەی تەمەنی کار لەنێو دانیشتوانی تورکیا سەرەڕای زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بەڕێژەی 27%، بەڕێژەی 3.1% زیادیکردووە وەکو لە خشتەی 2دا هاتووە.

**خشتەی 2** ژمارەی دانیشتوانی تورکیا، ڕێژەی گەنج و تەمەنی کار لە 2002-

| ساڵ | رەگەزی نێر (ملیۆن) | رەگەزی مێ (ملیۆن) | کۆی گشتی دانیشتوان | ڕێژەی دانیشتوانی گەنج | ڕێژەی دانیشتوانی تەمەنی کار |
|---|---|---|---|---|---|
| 2002 | 33.05 | 32.956 | 66.0025 | 28.62 | **64.69** |
| 2003 | 33.45 | 33.347 | 66.7946 | 28.14 | **65.18** |
| 2004 | 33.85 | 33.745 | 67.5987 | 27.68 | **65.63** |
| 2005 | 34.28 | 34.159 | 68.4354 | 27.24 | **66.03** |
| 2006 | 34.71 | 34.585 | 69.2953 | 26.84 | **66.38** |
| 2007 | 35.15 | 35.012 | 70.1581 | 26.47 | **66.67** |
| 2008 | 35.64 | 35.413 | 71.0517 | 26.34 | **66.70** |
| 2009 | 36.18 | 35.857 | 72.0392 | 26.13 | **66.95** |
| 2010 | 36.75 | 36.389 | 73.1422 | 25.80 | **67.09** |
| 2011 | 37.29 | 36.936 | 74.2236 | 25.44 | **67.27** |
| 2012 | 37.74 | 37.431 | 75.1758 | 25.10 | **67.47** |
| 2013 | 38.21 | 37.933 | 76.1476 | 24.76 | **67.64** |
| 2014 | 38.73 | 38.453 | 77.1819 | 24.43 | **67.74** |
| 2015 | 39.25 | 38.971 | 78.2185 | 24.13 | **67.76** |
| 2016 | 39.78 | 39.501 | 79.2780 | 23.85 | **67.86** |
| 2017 | 40.29 | 40.023 | 80.3127 | 23.63 | **67.93** |
| 2018 | 40.84 | 40.570 | 81.4072 | 23.47 | **67.88** |
| 2019 | 41.43 | 41.149 | 82.5794 | 23.25 | **67.83** |
| 2020 | 41.82 | 41.566 | 83.3847 | 22.95 | **67.75** |
| 2021 | 42.17 | 41.975 | 84.1473 | 22.61 | **67.77** |

سەرچاوە: داتابەیسی OECD

## نیشاندەرە ئابوورییەکانی دوو دەیەی رابردوو؛ هێزی کار، ئەوانەی کار دەکەن، رێژەی بێکاری

لە دوو دەیەی رابردوودا ژمارەی ئەوانەی هێزی کار لەنێو دانیشتوانی تورکیا پێکدەهێنن لە 21 ملیۆن کەس زیادیکردووە بۆ 35 ملیۆن کەس، بەڵام ژمارەی ئەوانەی کار دەکەن لە 18 ملیۆن گەیشتووەتە 31 ملیۆن کەس، واتە ژمارەی ئەوانەی لە تەمەنی هێزی کار بوون و کاریان نەکردووە زیادیکردووە لە 2 ملیۆن بۆ 3.5 ملیۆن، کەس. ئەمەش بەشێوەیەک کە کاریگەری لەسەر رێژەی بێکاری هەبووە.

خشتەی 3 ژمارەی هێزی کار و ئەوانەی کار دەکەن و جیاوازی نێوانیان لە 2024-2002

| ساڵ | هێزی کار | کۆی گشتی ئەوانەی کار دەکەن | جیاوازی هێزی کار و ئەوانەی کار دەکەن |
|---|---|---|---|
| 2002 | 21,036,019.822 | 18,981,995.341 | **2,054,024.4812901** |
| 2003 | 20,908,224.569 | 18,833,052.776 | **2,075,171.7920189** |
| 2004 | 21,252,305.235 | 19,193,446.362 | **2,058,858.8725842** |
| 2005 | 21,529,821.391 | 19,493,354.492 | **2,036,466.8991367** |
| 2006 | 21,789,172.932 | 19,829,872.465 | **1,959,300.4671684** |
| 2007 | 22,138,287.266 | 20,120,576.937 | **2,017,710.3294722** |
| 2008 | 22,740,045.774 | 20,469,935.945 | **2,270,109.8292341** |
| 2009 | 23,589,562.842 | 20,526,022.274 | **3,063,540.5683386** |
| 2010 | 24,462,431.486 | 21,755,033.629 | **2,707,397.8563977** |
| 2011 | 25,397,239.769 | 23,090,667.001 | **2,306,572.7679895** |
| 2012 | 25,990,303.541 | 23,814,984.243 | **2,175,319.2986691** |
| 2013 | 26,927,596.035 | 24,505,831.947 | **2,421,764.0880067** |
| 2014 | 28,594,666.667 | 25,764,833.333 | **2,829,833.3333334** |
| 2015 | 29,580,666.667 | 26,533,583.333 | **3,047,083.3333334** |
| 2016 | 30,448,583.333 | 27,128,916.667 | **3,319,666.6666666** |
| 2017 | 31,498,083.333 | 28,059,250.000 | **3,438,833.3333333** |
| 2018 | 32,199,583.333 | 28,674,000.000 | **3,525,583.3333333** |
| 2019 | 32,507,083.333 | 28,048,833.333 | **4,458,250.0000000** |
| 2020 | 30,774,416.667 | 26,733,500.000 | **4,040,916.6666667** |
| 2021 | 32,688,916.667 | 28,758,583.333 | **3,930,333.3333334** |
| 2022 | 34,243,571.667 | 30,576,031.816 | **3,667,539.8508130** |
| 2023 | 34,806,458.944 | 31,220,013.543 | **3,586,445.4009162** |
| 2024 | 35,348,223.509 | 31,807,215.986 | **3,541,007.5229405** |

سەرچاوە: داتابەیسی OECD

لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا رێژەی بێکاری لە تورکیا تاڕادەیەک جێگیر بووە و لەساڵی 2009وە ئاڕاستەکە روو لە دابەزین بووە، بەشێوەیەک ساڵی رابردوو 10.1%، ئەمساڵیش چاوەڕواندەکرێت 10.3% بێت. لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا بەرزترین رێژەی بێکاری لە 2019دا تۆمارکراوە، کە 13.7% بووە، نزمترین لە 2012دا بووە کە 8.3% بووە، وەکو لە گرافیکی 10دا هاتووە.

گرافیک 10 ڕێژەی بێکاری لە تورکیا لە 2002-2024




سەرچاوە: داتابەیسی OECD

خاڵێکی دیکە پەیوەست بەڕێژەی بێکارییەوە لەنیو دانیشتوانی هێزی کاری تورکیا، بریتییە لە جیاوازی لە گرووپی تەمەن و جیاوازی گەورە لە ڕەگەزی مێ بەرامبەر بە نێر. بەشێوەیەک بەپێی داتاکانی OECD ڕێژەی بێکاری لەنێو ئافرەت لە 2005 بە بەراورد بە 2022 زۆر زیادیکردووە، بۆ نموونە لە 2005دا لەنێو ڕەگەزی نێر 17.2% بێکار بووە و لە بەرامبەردا لەنێو ڕەگەزی مێ 17.9%بووە، کەچی لە 2022دا لەنیو ڕەگەزی نێر دابەزیووە بۆ 16.4%، واتە 0.8% دابەزیووە، کەچی لەنیو ڕەگەزی مێ 7% زیادیکردووە.

هەروەها، ڕێژەی بێکاری لەنیو تەمەنی 15-24 ساڵ دوو هێندە زیاترە لەنیو ئەوانەی تەمەنیان 25-74ساڵ، کە تەمەنی 15-74ساڵ بەهێزی کار دادەنرێت. لە 2005 بۆ 2022 ئەوانەی تەمەنیان 15-24 ساڵ ڕێژەی بێکاری 2% زیادیکردووە، لەکاتێکدا لە تەمەنی 25-74 ساڵ لە هەمان ماوەدا تەنیا بەڕێژەی 1.3% زیادیکردووە وەکو لە خشتەی 4دا هاتووە.

**خشتەی 4 ڕێژەی بێکاری بەگوێرەی تەمەن و ڕەگەز لەنیو هیزی کاری تورکیا لە 2005-2022**

| ساڵ | ڕێژەی بێکاری لەنیو هێزی کار بۆ تەمەنی 15-24 ساڵ/ ڕێژە | ڕێژەی بێکاری لەنیو هێزی کار بۆ تەمەنی 25- 74 ساڵ ڕێژە | ڕێژەی بێکاری لەنیو هێزی کاری گەنجان (ڕەگەزی نێر) ڕێژە | ڕێژەی بێکاری لەنیو هێزی کاری گەنجان (ڕەگەزی مێ) ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| 2005 | 17.5 | 7.5 | 17.2 | **17.9** |
| 2006 | 16.5 | 7.3 | 16.0 | **17.4** |
| 2007 | 17.3 | 7.3 | 17.0 | **17.5** |
| 2008 | 18.5 | 8.1 | 18.2 | **18.9** |
| 2009 | 22.9 | 10.9 | 22.9 | **22.4** |
| 2010 | 19.9 | 9.3 | 19.3 | **20.6** |
| 2011 | 16.9 | 7.5 | 15.7 | **19.0** |
| 2012 | 15.8 | 7.0 | 14.6 | **17.9** |
| 2013 | 17.1 | 7.5 | 15.6 | **19.6** |
| 2014 | 17.8 | 8.3 | 16.6 | **20.1** |
| 2015 | 18.4 | 8.7 | 16.5 | **22.0** |
| 2016 | 19.4 | 9.2 | 17.2 | **23.4** |
| 2017 | 20.6 | 9.0 | 17.9 | **25.5** |
| 2018 | 20.0 | 9.2 | 17.5 | **24.7** |
| 2019 | 25.1 | 11.6 | 22.3 | **30.1** |
| 2020 | 24.9 | 11.1 | 22.5 | **29.4** |
| 2021 | 22.8 | 10.1 | 19.6 | **28.7** |
| 2022 | 19.5 | 8.8 | 16.4 | **25.4** |

سەرچاوە: داتابەیسی OECD

# نیشاندەرە ئابوورییەکانی دوو دەیەی ڕابردوو؛ خەرجییەکانی لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان R&D، هەبوونی ئینتەرنێت

بەپێی ڕاپۆرتی OECD لەبارەی ئابووری تورکیاوە لەڕووی تەکنەلۆژی و پەرەپێدانییەوە تورکیا لە دوای وڵاتانی دیکەی ئەندامانی ڕێکخراوەکەوەیە، بەشێوەیەک کە لەماوەی دەیەی ڕابردوودا پێشکەوتن و پەرەپێدانی تەکنەلۆژیا خاوبووەتەوە، کە ئەمەش بەپێی ڕاپۆرتی پەیوەست بە هەژاریی سیستەمی پەروەردە و گرنگی نەگونجانی کارامەیی (Skills) بۆ بازاڕی کار. هەروەها لەڕووی خەرجییەکانی لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان R & D وە لەئاستێکی زۆر نزمدایە بە بەراورد بە وڵاتانی دیکە، لەکاتێکدا خەرجییەکان لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا شەش هێندە زیادیکردووە. لە 2002دا تەنیا 4.9 ملیار دۆلار بووە، بەڵام لە 2021دا گەیشتووەتە 29 ملیار دۆلار.

## خشتەی 5 نیشاندەری خەرجییەکانی R & D لە تورکیا لە 2021-2002 و رێژەی بەشداریی لە GDP

| ساڵ | خەرجی وەبەرهێنان لە لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان R & D / ملیار | رێژەی خەرجی لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان R & D بەپێی گەشەی بەرهەمی نیوخۆیی GDP |
|---|---|---|
| 2002 | 4.95 | 0.51 |
| 2003 | 4.78 | 0.47 |
| 2004 | 5.61 | 0.50 |
| 2005 | 6.93 | 0.56 |
| 2006 | 7.27 | 0.55 |
| 2007 | 9.48 | 0.69 |
| 2008 | 9.57 | 0.69 |
| 2009 | 10.65 | 0.80 |
| 2010 | 11.41 | 0.79 |
| 2011 | 12.69 | 0.79 |
| 2012 | 13.83 | 0.83 |
| 2013 | 14.75 | 0.81 |
| 2014 | 16.33 | 0.86 |
| 2015 | 17.73 | 0.88 |
| 2016 | 19.60 | 0.94 |
| 2017 | 21.40 | 0.95 |
| 2018 | 23.72 | 1.03 |
| 2019 | 24.85 | 1.07 |
| 2020 | 25.87 | 1.09 |
| 2021 | 29.91 | 1.13 |

لەڕووی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و دەستگەیشتن بە ئینتەرنێت، لەماوەی رابردوودا ڕێژەی دەستگەیشتن بە ئینتەرنێت لە 7.66% گەیشتووەتە 94%، واتە لە 2022دا لە 100 کەس تەنیا 6 کەس توانای دەستگەیشتن بە ئینەرنێت و هەبوونی ئینتەرنێت نەبووە لە تورکیا. بەپێی گرافیکی 11 بەردەوام ئاڕاستەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت زیادیکردووە گەورەترین باز لەماوەی 2005، 2009 و 2013 دا ڕوویداوە.

**گرافیک 11** دەستگەیشتن و هەبوونی ئینتەرنێت لە 2022-2005 لە تورکیا




## کۆتایی

ڕەوشی ئابووری تورکیا لەخاڵێکی وەرچەرخاندایە بەهۆی بەرزی ڕێژەی هەڵئاوسان و دابەزینی بەهای لیرەوە، هەرچەندە لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا گۆڕانکارییەکان بوون بە دوو بەشەوە، کە لەنیوەی یەکەمدا ئاڕاستەکان روو لە باشبوون بووە، بەڵام لەنیوەی دووەم و بەتایبەتیش لە 2019وە جیاوازییەکی کەم وێنە دەرکەوتووە، کە وایکردووە ڕێژەی هەڵئاوسان بگاتە سەروو 70% لەساڵی رابردوودا.

ڕۆژی 14ی ئایار 2023 هەر بەربژێرێک بیباتەوە ئەوا جێگیرکردنی بەهای لیرە یان سەقامگیری ڕەوشی ئابووری و کۆنترۆڵکردنی ڕێژەی هەڵئاوسان دوو لە گەورەترین ئاڵینگاری بەردەم ئابووری تورکیا دەبن بۆ ڕێگریکردن لە دارمانی تەواوەتی و کەوتنە قەیرانەوە.

دوو بەربژێرە سەرەکییەکەی هەڵبژاردنی 14ی ئایار، سیاسەتی جیاوازیان لەڕووی ڕێژەی سووی بانکی و گەڕانەوەی بۆ ئابووری ئۆرسۆدۆکوسی هەیە، بەشێوەیەک ئەگەر کەمال کلچداراۆغلۆ بیباتەوە ئەوا ئاڕاستەکان بەرەو بەرزکردنەوەی ڕێژەی سووی بانکی بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕێژەی هەڵئاوسان، لە بەرامبەردا سیاسەتی ئەردۆغان وەک ئاماژەی بۆ کردووە گەڕانەوەیە بۆ ئابووری ئۆرسۆدۆکسی و بەردەوامبوون لە بەرزنەکردنەوەی ڕێژەی سووی بانکی، بەپێی داتا فەرمییەکان سیاسەتی چاودێریی دارایی جیاواز لە بەردەم تورکیا بەهۆی جیاوازی سیاسەتی ئەو بەربژێرەی هەڵبژاردنەکە دەباتەوە. لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا سیاسەتی چاودێری دارایی ڕێژەی سووی بانکی بۆ ماوەی کورت روو لە دابەزین بووە، بەشێوەیەک لە 2002 ڕێژەکە لە 48.8% بووە، بەڵام لە 2022دا گەیشتووەتە

.%14.6

له کۆتاییدا، ڕەوشی ئابووری کاریگەری لەسەر هاتنە سەر دەسەڵاتی ئاکپارتی لە سەرەتای 2000کاندا هەبوو، جگە لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، بەڵام دەبێت چاوەڕوانبین بزانین کە ڕەوشی ئابووری ئەمجارە وادەکات گۆڕانکاری بهێنێتە ئاراوە، ئەویش لە کاتێکدا کە تازە تورکیا لە کارەساتێکی سرووشتی هاتووەتە دەرەوە، یان نا.